## بەرنامەی هونەرە جوانەکان

ئایا حەزدەکەیت لایەنی داهێنان لایی خوت پێش بخەی؟
ئایا دەتەویت هەنگاوی یەکەم بهاوێژی بەرەو پیشەیەکی هونەری؟
ئایا دەتەویت بەردەوامی بدەیە خوێندن لە دوای قۆناغی دواناوەندی؟
ئایا دەتەویت قوولتر بی لەوەی کەوا لات گرنگە؟
ئایا دەتەویت زیاتر لە هونەر و کەلتوور و ئەوەی کە لای ئێمەی مروڤ بەرنرخە بزانی؟
لەوانەیە بەرنامەی هونەرە جوانەکان گونجاو بێت بۆت.

لە بەرنامەی هونەرە جوانەکان فێردەبی کەوا چون بژی لەگەڵ هونەر و کەلتوور و شی بکەیەوە. و هەروەها دەتوانی تواناکانت هی داهێنانی پێش بخەی. لەوانەیە پێویست بە هەنگاوێکی گەورە بێت بو بەرەو پێش لە بوارێک گرنگ دەربارەی تۆ. بەلام بە باشی بزانی کە بەرنامەی هونەرە جوانەکان لە پلەی یەکەم دەبێت وەک بناغە بو خوێندن لە قۆناغیکی بالاتر. کە نێزیکەی سێ یەکی قوتابیان لەم بەرنامەیە کاردەکەن لە بواری هونەر یان کەلتوور. سەرەرای ئەوە زوربەی قوتابیان لەو باوەردان کەوا ئەم بەرنامەیە بەشێکی گرنگە لە گەشەسەندنی کەسایەتیەکەیان.

### کارکردن یان بەردەوام بوون لە خوێندن

ئەگەر حەز لەکارێک بکەی لە بواری هونەر یان کەلتوور لە دوا روژدا پێویستە ئامادەبی بو بەردەوامی دان بە خوێندن لە دوای قۆناغی دواناوەندی. پرسیار لە سەرپەرشتی خوێندن و هەلبژاردەکانی پیشەی لە سەر خولەکانی خوێندن کە پێویستە لە سەر تۆ بخوێنی بکە بو ئەوەی بتوانی خوێندنی گونجاو بۆ خۆت پەیدا بکەی.

هەروەها دەتوانی بەردەوامی بدەیە خوێندن لە بوارەکانی نا هونەریو روشنبیری. خو ئامادە بکە لە بواری هەلبژاردنی خولەکانی قۆناغی دواناوەندی کە رێ دەدات کە بەردەوامی بدەیە خوێندن لە دوای قۆناغی دواناوەندی.

### ئەو کارانەی کە دەتوانی بەدەستی بێنی

نموونە بو کارەکانی لە بواری هونەرە جوانەکان ،نەخشەکێشی هونەری (گرافیک)، نەخشەکێشی پێشەسازی، ئەندازیاری دیکوری ناوخو، ماموستا، ماموستای سەماکردن،چارەسەری سرووشتیی سەماکەران، راهێنەری سەماکەر، ئەندازیاری دەنگ، موزیکی کەنیسە، ماموستای دەرامە یان نەخشەکێشی دیمەن. بو بەدەست هێنانی کار پیویستت بە بەردەوامبوون لە سەر خوێندن لە دوای قۆناغی دواناوەندی.

### ناوەرۆکی بەرنامەکە

بەرنامەی هونەرە جوانەکان پێکدیت لە چەندین خولی خوێندن. هەندێک لەم خولانەی خوێندن بەزۆرە بۆ هەموو قوتابیان لە قوتابخانەکانی دواناوەندی. لەکاتێکدا خولی تر هەیە کە تایبەتمەندە بە بەرنامەی هونەرە جوانەکان. و هەندێک خولیش بەخۆت هەلیدەبژێریت

بەرنامەکە چوار بواری تایبەتی نیشتمانی هەیە. بە واتا هەموو ئەوانەی کە بەرنامەی هونەرە جوانەکان لە هەموو وولات دەیخوێنن دەتوانن لە نێویاندا هەلبژێرن. لە هندێک ناوچەدا لەوانەیە چەندین بواری تایبەت هەبێت کە بگونجێت لەگەڵ تۆ بەتەواوی. پرسیار لە سەرپەرشتیاری خوێندن و هەلبژاردەکانی پیشەیی بکە!

بواره تایبەتی یەکانی نیشتمانی ئەمانن:

- وێنەگرتن و شێوەکاری – زانیارییێکی فراوان و بنەرەتی لە بواری وێنەو شێوە دەدات، بەلام هەروەها رێ دەدات بۆت کەوا تەرکیز لەسەر پسپوریەکی دەستنیشانکراو یان کەرەستەی دەستنیشانکراو بکەی.
- سەماکردن – وات لێ دەکات کە لە سەماکردن تێ بگەیی بە شێوەیەکی فراوان لە کاتی راهێنان، و داهێنان و چەمکی تیوری.
- موزیک – هەلت بۆ پەیدا دەکات بو ئەوەی بە قوولی بچیە ناو ئامیری موزیک یان گورانی ووتن.
- شانو – شارەزایەکی فراوانت دەدات بۆت لە بواری شانۆ بەلام هەروەها رێ دەدات بۆت کە بە قوولی بچیە ناو پیشەکە بو نموونە بەرەو نواندن.

**پەیوەندی لەگەڵ ژیانی پراکتیکی**

بەرنامەی هونەرە جوانەکان تەنها راهێنان لە شوێنی کار نیە (APU). بەلام سەرەرای ئەوە دەتوانی سەردانێک یان زیاتر بۆ شوێنی کار لە پێناو هەندێک خولی خوێندن بکەی. ئەمەش لە سەر پسپوری وئەو خولانەی کە هەلدەبژێری دەوەستێت، بەلام گرنگی پێدانت هی تایبەت و پەیوەندیەکانت لە وانەیە جێگای کارتێکردن بێت.

**ئایینده و هەلی کار**

لەوانەیە زەحمەت بیت بەدەست هێنانی کارێکی خاوەن ئاستێکی هونەری یان کەلتووری، تاکو بەردەوامیت بدەیتە خوێندن لە دوای قۆناغی دواناوەندی. بیکاری لە پیشەی هونەرە جوانەکان لە نێوان بەرزترین تێکرایەکان لە بازاری کارە. بەلام لە کاتی خوێندنت لە بەرنامەی هونەرە جوانەکان دەتوانی لایەنی داهێنان لە لات پێشبخەی و بروا بەخۆت بەهێز بکەی. ئەم خاسیەتانە لە گەلت هەلدەگرێ بەبێ ئەوەی تێروانین بو جوری کاری کە بەکاری دەهێنی لە ئایینده.